عەبدوڵڵا سەمەدی

# فڕینێك

بە سواریی ئەسپی شێ – یەکەوە دەهات؛ دوور لە پشت گردەوە دەتگوت لە زەوی دەڕوێ. بەدەم جۆگە و باریکەڕێی لاپاڵ و کووچە باغی دوو ڕیز چنار. فەرشی سەوزە و گوڵووکی پایەنداز. وەکوو تارمایی‌یەکی سەمای شۆلە ئاسایی؛ بە شەپۆلی هەڵچوو، لە هەردەوە بۆ سەر. دەهات و ڕوون و ڕوونتر دەبۆوە لێڵایی؛ هەستت بە لەرزینی زەوی دەکرد لە ژێر پێتا و، دوور بە دوور زرمەی تەقڵەکوتی ئاژوان. بەین بەین بازدێکی چوار دەست و پێ بە سەر گۆمیلکە و لێدانی بواری ڕووبار و پژانی وردکە شووشەی ئاو. ئەمجار – گەیشتن – و دەورێك و هەڵگەڕانی لابەلا بە بستوودا و چەقین لە بەرامبەر تاشەی غوللوور. بەرەو تاشە، بەتاڵ کردنی نەهرەتەیەك لە سینگ و تەقینی پڕمەیەك و هەستانێك لە سەر پاشوان و چەند چەپۆکەیەك لە هەوادا. ئیدی کوتانی مست مست لە زەوی و، سمکۆڵ و، شەپۆلی حیلە.
دەورێکی شاخ و بەودیو داگەڕان، لە مەزراکانی گەنم و ئاژوان بە تەنیشت دروێنە و شەن و کەو و خەرمانی سوور، بەرەو بێستانە تەڕ و پاراوەکان. بە فڕینێك وەکوو تیر لە ماڵی کەوان بە لاڕێی پشتی گوندا و دەرچوونێك بە ژێر ڕیزە دارتووی چەتری سێبەر. پێهەڵگەڕانێك و لە سەر دوندی چیا خۆ گرتنەوە. دیسان سمکۆڵ و حیلەیەك بە سەر گوندا، بە سەر دۆڵا، بە سەر بێستان و جێ خەرمان، بە سەر کانی.
شۆڕ بوونەوەیەکی دی، بە لابەلای گاشەکانی بەردەڵانی پشتی شاخا، و پێنانە داوێنە زەرد هەڵگەڕاوەکانی نوستوو لە سەر تراویلکەی خەونی ڕێژنە باران. ویزەی قامچییەك و دەرپەڕینێك بە تەنیشت کەروێشکەی قامیشەڵان و مەلە لە ناو بارانی پەپوولەکانی گوڵە چیتك.
بڕینی بەرزایی‌یەکی دی و چڕینی شەپیووری حیلە. داگەڕانێك بە ناو بەفرا، وەکیی ڕنوو؛ سەربەرەژێر. و ئاژوانێك بە سەر پێدەشتی بەستەڵەك. بە قرچوهووڕ، بە سەر شووشەی گۆما، و فڕینێك بەرەو ئاسۆی سپی؛ بەڵام ئەمجارە بەبێ سوار.
لە ڕۆژهەڵات جارێکی دی، شۆڕەسوارێك، بە سواریی ئەسپی شێ – یەکەوە.